

# مۆدەی جلوبەرگی خانمان لە ماڵدا



جلــەكان زیاتر جەســتەی خانمان ڕازاوەتر دەكــەن، بۆ ئەو لایەنە دەكرێ سوود لە مۆدە جۆراوجۆرەكان وەربگرین، لە كاتێكدا دەبێتە شێوازێكی تایبەت لە مۆدە ناسكەكانی خانمان، لێرەدا جوانی ئەو جلانە شــێوازێك لەخۆ دەگرێ بۆ ئەوەی لە نزیكەوە بە ڕێژەیەكی سنووردار دەربكەوێ، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە جلی ماڵ، چونكە خانمـــان زیاتر جوانتر دەبن كاتێك لــە ماڵ دەبن، لەوەی لە دەرەوە دەردەكـــەون. ئەو جلانە جوانییەكی تایبـــەت وەردەگرن لە مۆدە و ناســـكی لە جلەكان، بۆ ئەو لایەنە دانانی جلێكی ســـەرنجڕاكێش و جـــوان، مایەی جوانـــكاری و ڕازاوەییە لە شـــێوەی ئەو لایەنە دەردەكەوێ.







# ئێكسسوارەكان بـ

ئێكسسوارەكان دەكرێ لە ڕێگەیان جوانترین و شایستەترین مۆدەكان بۆ جەستەی خانمان دابین بكەن، كەچــی لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئــەو لایەنە بیــن كە چۆن ئێكســـسوارەكان بەكاردەهێنین، بەمەش تایبەتمەندی و گرنگی لەلایەن ئەو ئێكســـوارانە بـــەدی دەكرێ،

# كڵاوە كوردەوارییەكان

وەكـــو دەزانیـــن كڵاوەكان مۆدەیەكی جـــوان و سەرنجڕاكێشـــن لـــە بواری جلوبەرگەكان، بۆیە دەكرێ ســـوودێكی گەورەیان لێوە وەربگرین لە ڕازاندنەوەی ســـەری خانمان، لە جلوبەرگی كوردیدا مۆدەی كڵاو هەیە و بە شێوەیەكی جوان ئامادە دەكرێ و دەخرێتە سەر، ئەمەش وەك جوانییـــەك بۆ ئەوەی قژی خانمان بخاتە ژێـــرەوە و كڵاوەكان بە نەخش و ستایلە جوانەكان دەربكەون.

سەیری دیمەنی ئەو كڵاوە بكەن، لەسەر شێوازی نەخشی كوردەواری دروستكراوە، بە چەندین نەخشی جوان و ڕازاوە كاری بۆ كراوە، كە لە كەرەســـتە كوردییەكان دروســـت دەكرێ و دەبێ بە مۆدەیەكی جوان لەسەر ســـەری خانمان، وەكو ئەو خانمـــە جوانە پۆشـــیویەتی و لەگەڵ دانانی كل و كلدان بۆ چاوەكان.



رەنگاورەنگ
گوڵان
ژمارە (٨٠٣)
٢٠١٠/١٠/٢٥





# ستایلەکانی تەسریحەکردنی قژی زەرد



چەندەها جۆر لە تەسریحەکان بۆ قژی خانمان دادەنرێ، کەچی دەبێ هەریەکەیان لەگەڵ ستایل و شێوەی ئەو قژە دابنرێ، کە کاری تەسریحەکردنی بۆ دەکرێ، لێرەدا دەبێ قژەکان دەستنیشـــان بکرێن، ئینجا کاری تەسریحەکردنی بۆ بکرێ، بۆ نموونە ئەگـــەر قژی زەرد یان بۆیە کراو بە رەنگی زەرد وەربگرین، ئەو جۆرە قژە پێویســـتی بە جۆرە تەسریحەیەکە کە تەڵەکان بە رۆشنایی دەربکەون، واتە دەبێ تەسریحەکان بە رێگەی بەســـتان یان تەسریحەی تایبەت کە ببێتە هۆی دەرخســـتنی تەڵەکانی قژ، چونکە لەم رێگەیەدا دەکرێ دیمەنێکی تایبەت و جوان بۆ ئەو جۆرە دابین بکەین، لە کاتی دانانی تەسریحەکان.

## جەنتا جوانەکان بۆ وەرزی پاییز



بەرەو وەرزی مۆدەکان رێگە دەگرین، ئەمـــەش وەرزی پایـــزە و لـــە جوانی رەنگـــە زەردەکانی گـــەڵای دارەکان و بوونی کەشێکی ســـێبەری بەردەوام لە رۆژانی ئـــەو وەرزەدا، بۆیـــە دەبێ لە وەرزی مۆدەکانـــدا شـــێوازە جوانەکان بەدی بکرێن، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر هەڵگرتنی جەنتاکان لەلایەن خانمانەوە.

جەنتا وەك هاورێ و کەرەســـتەیەکی نزیك لە دەســـت و هەســـتی کچان یان ئافرەتان، دەبێ بـــە جوانیەکی کراوە و جوان بێ، بە تایبەت شـــێوە و قەبارە و ئـــەو رەنگـــەی لێوە دروســـت دەکرێ، شایستەترین رەنگەکان بۆ جەنتای ئەو وەرزە، بریتییە لە قاوەیـــی و زەردی کاڵ و سپی و رەنگی تێکەڵی نێوان سپی و زەرد.





## ـــۆ دەستی خانمان

ئەوەی دەبینین بریتییە لە ئێکســـوارەکانی دەست، کە لە شێوەی بازنگ خۆی دەنوێنێ، کەچی وەك ئێکسسوارێکی رازاوە بۆ دەستی خانمان جوانییەکی کـــراوە و رازاوەی دەبێ، بـــە تایبەت ئەگەر لەگەڵ رەنگی جلەکانەوە یەکبخرێت.

بەرپرسی فایلی رەنگاورەنگ: مەهدی حاجی ساڵح بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Email: iwan_gardi@hotmail.com Mobile: 07504679560

# پەنجە خواردن لە جیاتی





ئەگەر سەیرێکی ئەو دوو هاوسەرە بکەین کە کارێکی سەیریان ئەنجام داوە، دوو تێڕوانینمان بۆ دروست دەبێ، یەکێکیان ئەوەیە کە یەکتریان ئەوەندە خۆشدەوێ و بڕیاریان داوە تا ژیانیان ماوە یەکتر لەبیر نەکەن، یان بڵێین، ئەوانە شێتن و کاری شێتانەیان بۆ خۆیان ئەنجام داوە.

کارە سەیرەکەش بریتییە لە: هەر یەکە لەو پیاو و خانمە، پەنجەیەکی یەکتریان بە ددان لێکردۆتەوە، وەك هێمایەك بۆ خۆشەویستی و هاوسەرگیری نێوانیان، وەکو دەبینن چۆن هەر یەکەیان لە جیاتی دانانی ئەڵقە بۆ پەنجەکان، کەچی نیوەی ئەو پەنجەیان نەماوە کە شوێنی دانانی ئەڵقەیە!

# بیرۆکەیەکی جوان و سەیر



کارە سەیرەکان لە گشت شوێنێکدا دەردەکەون، تەنانەت بیرۆکەیەکی بچووك دەکرێ سوودێکی گەورەی هەبێ، لەگەڵ گەرما و سەرما هیچ ناکرێ، دەبێ خۆمان بۆی ئامادە بکەین، یان خۆمان لێوەی بپارێزین، بۆیە لەم ڕێگەیەدا چارەسەرییەکان لەرێگەی کارەکان دەبێ، ئەوەی دەیبینن خاوەنی ئەو ئوتۆمبێلە لە وڵاتی (کوێت) دەژی، هەڵساوە بە دانانی مۆلیدەیەکی کارەبایی و کوندێشنێکی سارد و گەرم کردنەوە لەسەر ئوتۆمبێلەکەی، بۆ ئەوەی کەشی ئوتۆمبێلەکەی هەردەم سارد یان گەرم بێ.

# سڵاو کاک (ئەعمەد)




ئەوەی ئەو نووسینەی نووسیوە لەسەر ئەو مەنجەڵە بەستەزمانە، دەبێ نووسەرێکی زۆر دڵ خۆش و زیرەك بوبێ، چونکە زۆر بەجوانی ناوێکی نووسیوە، کە هەڵەیەکی دارِشتنی کردووە، ئەویش بە گۆڕینی پیتی (ح) بۆ پیتی (ع)، مەبەست لەجیاتی بنووسی (ئەحمەد)، نووسیویەتی (ئەعمەد)!

ئەوە شتێکی ئاساییە کە کەسێکی لەم جۆرە ماست بفرۆشی و وابڵێ، بەڵام باوەڕ بکەن ئێستاش هاورێیەکی زانکۆم کە دەرچووە نازانی (ح) و (ع) لە یەك جیا بکاتەوە لە قسەکردن و نووسینیش دا!

# ئەڵقەی هاوسەری



# سیم کارتێک بە (١٨٠) وەرەقەیە




دیاردەیەکی زۆر سەیر لە کوردستان دەرکەوتووە، ئەویش کڕین و فرۆشتنی ژمارە جوانەکانی مۆبایلە، کە هەندێکیان نرخێکی ئەوەندە خەیاڵیان هەیە، مرۆڤ پێوەی سەرسام دەبێ، ئەوەی لەم وێنەیە دەبینن بریتییە لە ژمارەیەك بە (١٢٠) وەرەقە، واتە دەفتەر و (٢٠) وەرەقە، تەنیا بۆ سیم کارتێك. لەلای دوکانێکی سیم کارت فرۆشتن پرسیارم کرد کە بۆچی ئەو دیاردەیە وایە؟

خاوەنەکەی پێوتم: تەنیا مەسەلەکە بۆ خۆ دەرخستنە و لەوەی ژمارەی سەرەتاییەکان کە زوو دابەش کراون، ماوەیەك لەمەو بەر ژمارەیەکم فرۆشت بە (١٨٠) وەرەقە، کەچی ئێستا هاوڕێیەکم هەیە ژمارەیەکی هەیە داوای (٢٠٠) وەرەقە دەکات!! ئەوەی سەیرە ئەو سیم کاراتانە لەگەڵ هەر سیم کارتێکی دیکە جیاوازی نییە، تەنیا بۆتە دیاردەیەك لەناو خەڵك، هەندێك لە خەڵك ژمارەی ئوتۆمبێل و مۆبایلەکانیان وەکو یەك دەخەن. ئەوەیە پێشکەوتن!

# (٦٩) ساڵە قژی نەبڕیوە

کەسانێك هەن حەز بە درێژکردنی قژیان دەکەن، کەچی کەسانی پێچەوانەی ئەوانەش هەن، بەڵام وادیارە ئەو مامە پیرە، لە منداڵییەوە بڕیاری داوە کە قژی نەبڕێ و بۆ ئەوەی ژمارەیەکی پێوانەیی و نەریەتێك بۆ خۆی دروست بکات، ئەوەی دەیبینن پیاوێکە لە وڵاتی (ژاپۆن) دەژی، تەمەنی (٧٦) ساڵە، نزیکەی (٦٩) ساڵە قژی نەتاشیوە و تا ئێستاش قژی درێژ دەبێ، ئەگەر سەیرێکی قژی بکەین لەشێوەی خوری دەردەکەوێ، کە وەك کۆکردنەوەی کۆمەڵە گوریسێك بێ، درێژی قژی ئەو پیاوە دەگاتە (١٣) مەتر ئەگەر بە کراوەیی بێ، کەچی بە تێکەڵاوی نزیکەی (٢) مەتر دەبێ.





## به قاچ پیانۆ دەژەنێ

کاتێك مرۆڤەکان لەشـــوێنێکی جەستەیان کەم دەبێ، ئەو هێزەی ئەو لایەنە بۆ لایەنێکی دیکەدا دەردەکـــەوێ، وەکو ئەو پیانۆژەنەی دەیبینن کە بەبێ دەستە، ئامێری پیانۆژەنیش دەبێ بە پەنجەکانی دەست لێبدرێ، کەچی ئەو پیـــاوە لە وڵاتی چین بەبێ دەســـتە و بـــە پەنجەی قاچەکانی پیانۆ دەژەنێ، (لیۆ وی) ئەو گەنجەیە کـــە لە تەمەنی (١٨) ســـاڵی دەستەکانی نەماوە، بۆیە گرنگی بە پەنجەکانی قاچی داوە بۆ ژەنینی پیانۆ.

## سەمایەک لە گوڵ



ســـەمایەکی جـــوان لەلایەن خانمانـــی وڵاتـــی کۆریـــا، کە شـــێوەیان لـــە گـــوڵ دەچێ و دیمەنێکـــی جوانیـــان داناوە بۆ جۆرێك لە سەما..


## نوکتە

- لە شـــەوێکی ڕۆمانســـیدا دوو ئاشق لە کەناری دەریایەک لەتەنیشـــت یەکەوە پاڵکەوتـــوون. پێڵاوەکانیـــان داکەندووە و سەیری ئاسمان دەکەن. کچەکە بە کوڕەکە دەڵێ: ئازیزم، ئەو مانگە دەبینی لە بەرزایی ئاســـمان؟ ئەویش دەڵێ: ئەی چۆن نایبینم گیانەکەم. ئینجا کچەکە دەڵێ: دە وەڵاهی بۆگەنی قاچت تا ئەوێ دەڕوات..




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ڕێگە مەدە کێشەیەکی بچووك کاریگەری زۆرت لەسەر دروست بکات و ڕەنگدانەوەی هەبێت لەگشت بوارەکاندا، تۆ زۆر لەوە بەهێزتری پێویستە بڕوات بە تواناکانی خۆت هەبێت.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ژیانی سۆزداریت گۆڕانکاری بەسەر دا دێت و دەبێتە هۆی ئەوەی سەرەتایەکی نوێ و خۆشتر لەجاران لەنێوان تۆ و کەسی بەرامبەر دەست پێبکات و بەختەوەری دەبێتە هاوڕێتان.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەگەر خۆشەویستت نییە، ئەوا کاتێکی باش و گونجاوە بۆ هەڵبژاردنی کەسێك، ئەمەش لەسەرەتادا لەوانەیە هەندێك گرفت دروست بێت و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات چارەسەر دەبن.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

دەبێت زیاتر بایەخ بە لایەنی ئابووری بدەیت، قۆناغی داهاتووی ژیانت پێویستی بەوە هەیە باری داراییت زۆر باش بێت، هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدە پلانێکی پتەو دابڕێژیت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هیچ گومانت نەبێت لە خۆشەویستی و ڕاستگۆیی کەسی بەرامبەر، ئەو زۆر تۆی خۆشدەوێت و تەنیا تۆی لەدڵدایە، تۆش بە هەمان شێوە خۆشەویستی خۆتی پێ ببەخشە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

چاوەڕوانی بڕیارێکی گرنگ دەکەیت کە داهاتووی پیشە و کارکردنت دیاری دەکات، کەسی بەرامبەر داوات لێدەکات زیاتر بایەخ بە خۆت بدەیت و ئەوەندە خۆت ماندوو نەکەیت.


ئامادەکردنی:داریۆ


## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت لەماوەی (٢) خولەکدا (٦) جیاوازی لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.











**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

پێویستە بە دڵ کەسێك هەڵبژێری و باش بیر بکەیتەوە پێش ئەوەی داوای پێوەندی لێ بکەی، ئەگەر وا هەست دەکەی ناتوانی ئەو داوایەی ئاراستە بکەی، ئەوا هاوڕێیەکت یارمەتیت دەدات.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

وا هەست مەکە دوای ئەوەی لەهاوڕێکانت دابڕایت ئەوان تۆیان لەیاد نەماوە، کاتێك دەستنیشان بکە بۆ ئەوەی سەردانیان بکەیت و یادی ڕۆژانی رابردوو بکەنەوە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

دەبێت سەرەتا بزانی خاڵە لاوازەکانت چین ئەوکات ڕەخنە لە کەسانی تر بگریت، ئەم ماوەیە گشت تواناکانی خۆت بەکاردەهێنیت بۆ سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر و سەرکەوتوو دەبیت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

جۆرێك لە بێهیوایی و نائومێدی ئاسمانی هەندێك لەکەسانی خاوەن ئەم بورجە دادەپۆشێت کاتێك لەگەڵ خۆشەویستەکانیان لەیەك زیز دەبن، هەردوولا هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر و ناتوانن چاوەڕوان



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەوەندە بیر لەو شکستە مەکەوە و کاتێکی زۆرە ئەوە ڕووی داوە، لەجیاتی ئەمە بیر لە هەندێ پڕۆژە و کاری گرنگتر بکەوە کە شایەنی ئەوەن بایەخی زیاتری پێ بدەیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەندێك جار زۆر بەخێرایی بڕیار دەدەیت و ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤ دروست دەکات لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیانت، هەروەها دەبێت زۆر بکەیتەوە پێش هەر بڕیارێکی گرنگ.

hemntoni@yahoo.com

## ئاسۆیی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە- دەرمانی چاو.
٢- ئەکتەرێکی شاری هەولێرە خاوەن وێنەکە
٣- تین(پ)- ڕوەکێکە.
٤- منداڵی بوو- نیوەی نزار- کامە(پ) — بەندەرێکی عێراقیە.
٥- شارێکی کوردستانە(پ)- گیانلەبەرێکە(پ)- روخسار.
٦- عونی(ت) — چیایەکی کوردستانە.
٧- وازی(پ) — سێ پیتی دەوەن.
٨- ڕووبار- ماو(ت).
٩- تیپێکی مۆسیقایە(پ)- شاروچکەیەکی کوردستانە(پ) تیخ.
١٠- چەکێکی کۆنە.
١١- گۆرانیبێژێکی کۆچکردووە.
١٢- پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپایە- دراوێکە.


## ستوونی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).
٢- یانەیەکی ئیتالیە(پ) — نیوەی عراق.
٣- ڕووبار بە عەرەبی- ڕەش- بزر
٤- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ) شارێکی کوردستانە(پ).
٥- کەل و پەلێکی ئەندازیارییە.
٦- نیوەی عادل(پ)- دراوێکە.
٧- ناوێکی کوڕانە.
٨- خەڵکی کوبا(پ)- کچە گۆرانیبێژێکی کوردی کۆچکردووە.
٩- دار(ت)- ژمارەیەکە- بەشێکە لە لەش.
١٠- وڵاتێکی ئاسیایە(پ)- پرس(پ).
١١- وەکو یەك — سێ پیتی مالی- ڕەنگێکە.
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردی کۆچکردووە.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (هەورامان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :



**ئاسانکاری**

ئاسانکاری

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێك بە کەسێك دەگوترێ زۆر لە دەرەوە بێ، ناوێکی دیکە بۆ دۆمەکان)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی نەرم)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (دراوسێ بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بڕیار بە زمانی عەرەبی) !